ملوانکە شیعر

# لە وەرزی هەنگوین و
# لە وشکەساڵیی شیلەدا

سەرباز مەجید خۆشناو

**ناوی کتێب:** لە وەرزی هەنگوین و لەوشکەساڵیی شیلەدا

**شیعر:** سەرباز مەجید خۆشناو

**بەرگ و مۆنتێفەکان:** سەرباز مەجید خۆشناو

**تیراژ:** (٥٠٠) دانە

لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٣٩١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

**نەخشەسازی:** (هیـوا) بۆ کۆمپیوتەر

**چاپخانە:** منارە

**پیێشکەشە بە :**

# هەموو ئەوانەی لە دڵی مندان ،

# بە پۆلە شەهیدەکەشەوە

# لە وەرزی هەنگوین و

# لە وشکەساڵیی شیلەدا

( ١ )

سیپارە تۆزاوییەکانی ناوباولی پایتەختی مێژوو،

لەنوشتەیەک پێچرانەوە.

لەسەر تەلی سەرەدی سوورِی زەمەندا،

کۆمەڵێک سەر دۆزرانەوە.

ئای لە تەلیسمی نەوتن

ئای لەهەتانی پڕ ترس و

لە پیرۆزیی نەکرانەوە،

لە هەتوانی ڕاوەدوونانی شەو و


لە ڕستنی تەونی بوون و نەبڕانەوە.

لەمژینی تەمی تەڕی خەزانێکدا

لە کولانکەی هەڕەمێکی شکاوەوە

مۆمیای سڕی جەستەی بەستوو

دەتوانەوە.



**کە بەفری ڕوو شوڕەی تێکەوت**

**کەوتە لێژی،**

**نوشتەی بەستراو**

**خۆی کوتایە بن دواپەڕەی**

**شاکاری دانەرێ بیژی . .**

**ئای بۆ هەسانی زمان و**

**دڕیی کارتیخی ژەنگ ڕنین،**

**ئای بۆ نەفخی سووڕی سەرو**

**دادڕینی چاڵی برین.**

**ئای لەباوەشی تاریکیی پڕ هیوادا**

**وای لە خەونی سەری پڕ خەیاڵ و پڕ سین.**

**ئای لە مەستیی زمانی خەوتووی بێ وەڵام**

**لە هەرزانیی تێکەولێکەی سنگ دادڕین ..**

**لە بازاڕی تالأن فرۆشیی ئەنفال و**

**لەبەهاری تەمەنی زامی هەڵەبجە،**

**لە جۆگەلەی خوێنی بێنوێژیی دەروێش و**

**لەفەرهەنگی ڕەشنووسی قەفی کەلەپچە**

**لەبەستنی هەردوو دەلینگی شەرواڵ و**

**لە بەزینی دۆخینی پڕ مێرگ و بەیار ...**

**لاپەڕەی ڕەش هێندە بەچەقۆ کێڵدرابوو**

**شوێن پێی لەسەر نێو چاوانی نوشتە دیاربوو.**

**کاتێ پەڕە**

**بەتینی ڕقی پیرۆزی ئێمە سووتا،**

**کۆنە نوشتە**

**لاپەڕەی خۆی پاکردەوە**

**بوە ئاوێستا ..**

**ئاشقە کورسین**

**فێرە ترسین**

**دیسان چەقۆ زین کرایەوە،**

**لەسەر هەمان نەخشەی پێشوو سووڕایەوە.**

**هاتن بەشوێن ڕۆیشتنی پۆستاڵ لەپێ گەڕانەوە**

**ڕۆیین بەدوای کۆنە برین کولاندنەوە.**


Sarbaz
05

**(٢)**

**لە وەرزی هەنگوین و**

**لە وشکەساڵیی شیلەدا،**

**هەور لەپەردەدا دەردێن.**

**بەهار سەرەتای فیلمێکی خوێناوییە و**

**باران ئەکتەرێکە لە خوێن ...**

**چەخماخەی نیگای نۆڕینی درزی زەفەر**

**گرمە و زرینگەی ئیرشادی دەوروبەری پڕ دەرهێنەر**

**بارینی ڕێژنە شەهوەت و**

**وردە سەمای ماچە سەر بەقەپوچکەی تەڕ**

**تێکەڵ بوونی شیلەو شەربەت**

**تامەزرۆیی یەکتر نۆشین**

**وردە هەنگاوی پەرتبوون و**

**مانەوە و**

**خۆ لەیەک هەڵسوین**

**لەژێر پێخەوی پڕ ترس و نهێنیدا**

**لەئاوێنەی پەنجەکانیان ڕووت بوونەوە و**

**هێواش هێواش**

**خورپەی دڵ و**

**لەزمانی بێدەنگیدا**

**توندتر دەدوێن ...**

**لەیەکەم لەقتەی دەستبازی**

**لەجێی هەناری سەر سینە**

**باخەڵێک ڕوممانە دەڕوێن ..**

(٣)

وجاغ لە کێڵگەی نەزۆکیدا کوێرەو ...
خۆڵەمێشی ئەو ئاخە سووتاوەش تەڕ نابێ !!
مەملەکەتێکی زەنەکە و
لەو بەهارە درەنگ وەختەدا
نەمانی سەوزی هیواکان
لەڕەگەوە دادەوەشرێن ...
کێ دەڵێ باران تێکەڵی پەردە بووە؟
ئەو ئاسمانە
ڕاڤەی سەمای هەورەکانی خوێندۆتەوە و
زۆر نهێنیی لە بێدەنگی هەڵگرتووە.
وەنەوزی ڕووت و تەزیوی بایەکانن
لە توێکڵی وشەی بەڵێنە زەیتییەکان
لە بریقی گفتی نێوان گوڵ ڕەنگەکان
سیمای ڕەشی نەزۆکییان ڕەنگ کردووە.


Sarbaz
05

کاسەیەکی درز بردووی

پینەکراوی پەردەستوورە

ناوە ناوە

دڵۆپێکی لێ دەبێتە لیکاوێکی بێ شەرمی

ڕوو چڕی ... یاخی

لە چەناگەی ئاوایی دەچۆڕێتەوە..

(٤)

لە نیوەڕۆی ئەم هاوینە

لافاوی خوێن

پاشکۆی بارانی ترسێکی تۆقێنەرە

گۆناکانیان دەبنە ڕێڕەو

لێوارەکانیان پڕدەبن

دادەشۆڕێ و

تەڕ و وشکیان تێکەڵ دەبن

لەنێو کەفی ترازانی لەپکەشیندا


زەنگیانەکانیان پەرت دەبن.

لەسنوورە کێشراوەکان

پەنگ دەخواتەوە و

مۆڵەتی سەربردەکان

بەسەر دەچن.


Sarbaz
04

دادەمرکێ و

لەسەر ئاگردانی مێژوو

شیری ناو مەمکان هەڵدەچن.

لەم وەرزی لێکدابڕانە و

لەم وشکە ساڵییەی سۆز و بەزەییدا

ئەو تیشکەی کەوتۆتە شەوێ

بەرد بارانی مەلی خەیاڵی خۆی دەکا و

لێناگەڕێ

تاوێک بەسەر

پشکۆی ڕقێک...

پشکۆی ئەوینێک.... کڕ کەوێ

(٥)

گریان لە تەمەنی چاوی پاڕانەوە

زستانێکی تەڕ و کولە

لە ئەشکەوتی جەستەی قەڵای مێردانەوە

زۆر لەمێژە نووزە بایێکی ساردو وشك

بۆسەر زامی تەشەنە کردوو هەڵئەکا

بوخچەیەکە و هەتا ئەمڕۆ

لەگەڵ بڕینی ناوکدا

لەنێوان مژینی مەمك و

لەماچکردنی دوو لێو و

لەبریندا

بەسەر کۆڵی خۆکرکردن سەفەر ئەکا .


Sarbaz
05

**(٦)**

**ڕۆح پەپوولە پاییزیەکە،**

**لە نێو ئاوریشمی دروشمی پەیامێکدا**

**دڵی وشکی زیوانێکت هەڵگرتووە**

**بەدوای مەرگی خۆتدا وێڵی و**

**لە بیابانی ئاشوبێکی دڕ دەگەڕێی**

**دەمت لە تامی برینێک سڕکردوە و**

**لەژێر قەتماغی کەسەرێک**

**لەدرزی کێم و زوخاودا**

**لە سێبەری سوورەتێکی تاشراوەوە**

**لە ڕۆشنایی چێژی ئایەتێکی پیرۆز .. هەڵدەوەرێی.**

(٧)

ئێوارە نییە مەرگی ڕۆژێ لەتاریکی نەنێژین و
لەسەر گڵکۆی ناخی سوور و
بە دوو دەستی بەکڵاوەوە
سپێدەش دەڕنەگەی خەونەکانمان زیندوو نەکەینەوە.
کە شەو دادێ،
لە ئاسمانە تۆزاویەکەی خۆمانەوە
لەسەرشاباڵی  پێخەوی خەیاڵەوە
زەنگی ئەشقی ئەستێرەکان خەومان دەبەن،
دەمانبەن بۆ بەهەشتێکی پان و بەرین
بەهەشتێک بەرینیی تێکەڵ دۆزەخ بووە،
ڕوباری شیرو هەنگوینی وشک بووە.
کە ڕۆژ دادێ،
لەکلۆرایی کێلە بەفرەکانەوە
دێینەوە نێو جەنگەڵستانی پڕ ترس

**ترسی ئێمە**

**چلکەزیی چیرۆکێکی پڕ خەرافاتە**

**بەسەر چووە.**

**پیرە قەوانی تەڵخی چلە نەدیوە،**

**تۆزی هەڕەشەی سبەینێی لێ نیشتووە ..**

**وەرە مەڕۆ ..**


**دەوەرە مەڕۆ مەگەڕێ**

**خۆت بە دەمامك مەپۆشە، مەکەوە ڕێ**

**باوەڕبکە**

**برینێکت لەو برینەی ئێمە قوڵتر**

**نایەتە ڕێ.!**


Sarbaz
04

**(٨)**

**برین : چاڵی مەرگی تۆقێنەرە**

**بڕین :یەکەم هەنگاوی سەفەرە**

(٩)

لە وەرزی دەستەمۆ بوون و ،

لە وشکە ساڵیی غیرەتدا

لە بازاڕی سەر چەماوە گۆچانییەکان،

پێڵاوی بێ پێ زۆردەبن.

پێڵاوی تا بن ڕۆیشتوو

فش و لێکچوو.

لەبەرزی و بڵندیی باڵا و

لە خەرەندی تێڕوانین و بەرپێ بینین

لە کرنووشی لەش ڕاخستن..

.. لوتکە ڕنین

لەگەڵ هەڵکشانی پانی،

سەر دەگەنە ئاستی پێڵاو.

زمان دەبن بە پەللاخ و

پێڵاو دەبن بە کانیی ئاو.

**کە نیفۆکان سیلاک دەبن،**


**پێڵاو دەگەنە سەر مێز و**

**پڕ گوڵ دەبن ..**

**قەیتانەکانیان دەبەزن**

**زنجیرەکان لێک دەترازێن**

**مل لە پێیان پانتر دەبن.**


Sarbaz
05

(١٠)

ئاگات لێیە ؟

لە وشکایی مەمکی بێوە ژنێکەوە

خۆڵەمێش دەبەشرێتەوە!

لەپاوانی دزراوی شەرەفی بێوە پیاوێکەوە،

شەراب لەکاسەی هەوەسدا دەخورێتەوە!

لەنێو ئاگردانی قاوغی کەللە سەرێکی کوژاوە،


ژیلەمۆی تەڕ مەزاد دەکرێ!

لە دوو لێوی

مێرد منداڵێکی دۆزراوەی

خاپەرۆکی شارێکی بەکیمیا ڕشاو

دوکەڵی ماچ بەبادەکرێ!


Sarbaz
05

**(١١)**

**ئەوە خوێنە**

**قیرۆسیای**

**نێو گلاسە شوشەییەکەی مێژوو نییە،**

**فێربین بڕژێ.**

**ئەوە سەرە،**

**ژەمی چەوری سەر مەقەرەی قەدەر نییە**

**بۆسەر خوانی کەس ببرژێ.!**

(١٢)

لەپشت خەنجەری ڕووتی سەر کێلی چاکێک

لەو دیو پەردەی چاوی بینین،

ئەسپێکی بێ سوار، بێنوێژ بوو..

سەری سمەکانی سوان و

وێڵی کاوێژ و لەوەڕی وردە پووشی گۆڕستان بوو..

دوای چەند کەڕەت چەلبوونەوەی

لەسەر گاشەبەردی مەخسود و مرازان

قەیرە کچێک

لەنێو ڕوباری تارەت و غوسلی سواران

هەردوو مەمکی خۆی لێ ون بوو ..

کەنارەکان:

پڕ بوون لە پەنجەی هەڵوەریو

پڕبوون لە تاجەگوڵینە،

پڕ بوون لەتابووتی جەستەی کۆرپە نەدیو...


Sarbaz
07

**بەردەوامی:**

**پڕ بوو لە هەنگاوی پرد و پەڕینەوە.**

**پڕ بوو لەژوانی ئاگر و**

**کەندو کۆسپی شوێن پێی یەکدی سڕینەوە..**

**کێنە ئێوە؟**

**لەکاسەی سەری یەکتری خوێنی ئێمە ئەخۆنەوە**

**کێنە ئێوە ؟**

**لەکانیاوی دەمی ئێمە، ژنی یەکتر ئەشۆنەوە؟!**

## (١٣)

لەوەرزی حەز و ئاواتدا

لەم وشکەساڵییەی بەخت و

لە سێزدەیی نێوچاواندا

لەدەریای هیواکانییەوە

ماچێکی تەڕ هەڵیمشت و

وتی: هەستە!


هەستا و

جڵەوی لوولپێچیی لەسەر نەما

لەخشپەی هەستێکی دڕ و

بە دەنگی ڕیتمێکی نەشاز،

کەوتە سەما..


Sarbaz
05

**(١٤)**

**ئێوارە بوو**

**پەتی عەگالێکی وەرگرت**

**لەسەر خۆی نا..**

**چاوەکانی سوورکردنەوە و**

**کڵاو و پشدێن و کڵاشەکانی وەدەرنا..**

**شەو.. بەدشداشە .. بێ دەرپێ**

**لەنوێنێکی نەرم و نییان**

**لەناو گوێی گادا لێی خەوت،**

**خەوت و خەونی حوشتری دی**

**لەسەر سینەی مێزی شەڕاب شەیتانی دی**

**زۆر بۆیەکتری پێکەنین،**

**قاقا.. دنیای بۆکردبووە بەهەشتێکی پان و بەرین**

**لە خۆشییانا**

**لەشیرین خەودا ڕاپەڕی،**

بەپێ پەتی

بەسەر بڕبڕەی مانگەشەودا تێپەڕی.

هێندەی زانی بەیانییەو وا ڕۆژهەڵدێ

ترسا پەتی عەگالەکەی لەمل بکرێ

ئەژنۆ شکاو.. سەرلێشێواو

نەیدەزانی بۆکوێ هەڵبێ!!

.. هات و

دەرگای ماڵەکەی کردنەوە

کۆشی تەڕو برسیی بانگ کرد،

لەنوێنی خۆی کۆی کردنەوە..

(١٥)

سەر.... دار

سەردار

سەری داری سەر لیشێوان

ڕەزمی ئاوازی هەڵبەزین

شاباش ... شاباش

خەونی دۆڕاو..

دراوی کاش..

* * *

سەر .. .. دار

سەردار


سەری ڕمی جەرگ بڕین

لەسەر میمبەری مزگەوت و مەلا کڕین

شاباش .. شاباش

فتوای نەزۆک بەپارەی کاش

* * *


Sarbaz
05

لە پرسەی هاوڕێی کوژراودا،

قژ ڕەشکردن.

لە هەڵپەڕکێی خەمی خەڵکی،

خوێن خواردنەوە.

لە پەنجەرەی ویستی شەهید،

خۆ ڕووتکردن.

لە خەرمانی ڕووی مانگی تازە کۆست کەوتوو،

خۆخۆشکردن..

سەر ..دار

سەردار

سەرتەزیوی سەر سەرینی هاوڕێی فەوتاو

شاباش ...شاباش

نوێنی گەرم

بەبێ پارەو پوول..

.. بە بەلاش

# (١٦)

لە دادڕینی شەوە زەنگ و بێدەنگ و درێژەکاندا

نەمامی چەند تیشکە ڕۆژێکم لەچاوی سبەی چاندو

لەنێو سوتووی ئاگردانی دڵی دوێنێ

بزۆتی چەند وشەیەکم گەشکردەوە،

ڕەشێنە کول بووەکانم شەوچەرە بوون

لە دەروازەی ئەشکەوتێکدا

وشکە گرێی تاریک و ڕوونی بەیانێکی کردەوە.

تامەزرۆیی سەمای خۆ لەتیشک وەردان

هەڵچوونی خۆ بڕینەوە و


لە خەرواری ڕەنج دەرخستن

مشت مشت خۆیان دابەش دەکرد:

نیوە نیوە دەست و قاچیان هەڵدەوەراند

زەوی پڕ لە نیوە کورسی و

ئاسمان گەیشتە نیوە ڕۆژ،



**دەممان وشک..**

**لێومان شەقار..**

**سەرمان سڕ و..**

**ناخمان پڕ لە هاتوو هاوار.**

**وەرن پەتی وێڵاشی خۆتان نەرم و خاوتر کەنەوە**

**بۆ سەرلەنوێ..  بوونەوە**

**هەنگاوەکان..**

**تێلدڕەکان..**

**باڵای خانەکان..**

**دەست و پێکان لەیەکتری ببەستنەوە..**

**وەرن، نەبادا وشک بێ و**

**چۆڕێکمان بۆ نەخورێتەوە..**

**(١٧)**

**کە فرمێسک**

**ئەوینبارانی شەمامەی خۆڵی دەکرد،**

**بۆنی غوربەت**

**لە زێدی خۆشمانەوە هات ...**

**قەڵەمێک جوێن و**

**تابلۆیەک لەهێڵ و ڕەنگی دەمارەکان**


**لە جادوویەک قوفڵی زەم و**

**لە تەڵەیەک ژەنگی دەم و**

**لە تەسبێحێک گەرای ماسیی ڕووبارەکان**

**چوارچێوەیەک**

**لە لوولاقە شکاوەکان بڕانەوە،**


Sarbaz
05

**گۆلمێک خوێن و**

**چنگێک کاسەی سەری تەپیو،**

**بوخچەیەکی پڕ لەپینەی**

**پارچەی ڕەشماڵی ڕەشکۆکە و**

**شیوەنێک بەوەرزی عومر و**

**دەسکێک کەزیی گەورەکیژان**

**لەگەڵ شینی خۆم و خۆتان**

**لەناو دەمم دەتوایەوە،**

**باوەڕ دەکەی**

**تامی جارانی لێنەهات؟!!**



**(١٨)**

**لە منارە سەرکۆتەکەی شێخی چۆلی**

**لەگەروی شمشاڵی عەشتار**

**لەخەرمانی خەونی سوڵتان موزەفەر و**

**لەسەردولکەی داستانی مەرگەساتی شار،**

**قەلا پشدێنی هەولێری شلکردەوە و**

**کۆنسێرتی کۆست و**

**نەغمەی غەم و**

**ئاوازێکی تازەی چڕی ..**

(١٩)

... چەند شەرمنی سینەو بەرۆکی خۆمانم

بەبێ مەدالیان، بێ هێمان.

چەند پەرۆشی ئەو خەونانەم، بە گێڕانەوە وەرگێڕدران.

چەن زەلیلی کۆشی کەمینەی خۆتانم،

چەند گڕگر و چەند بێ تەمان.

چەند پێبەندی سنووری گەورەو بچووکیم

کە براتانم

چەند پەرۆشی هەست و شووشەیی دڵتانم،

موسڵمانم..

لەبەر قاپیی میهرو سۆز و بەزەییدا ،

ئەیوبێکی بەستەزمانم ..

مێژوویەکی دوورو درێژە

لەتەوافی

بازنەی عەگگال و جامانەی سەر سەرتانم

**مێژوویەکی دوور و لێژە**


**ڕەجمی ئیرادەی خۆم دەکەم**

**بەندەتانم.**

**بۆ پاوانی پڕ جەژنتان،**

**ئیسماعیلی مل بەکێرد و**

**قوربانتانم ..**


Sarbaz
05

**(٢٠)**

لە پلیکانی قیژەدا و

لە هەورازی دەست ڕۆیشتن

لە جۆگەلەی تیشکی هات و

لەنشێوی سەر سەر کەوتن

loورەی ڕەوە گورگە باییێک،

بەداستانی

چڕیی زیندە خەونێکی تاریک تێپەڕین.

لە خەزانی پڕ ڕەنگی گەززەو ڕنۆکدا،

پشکۆی قینیان هەڵدەوەرین. .

لە نێو خەزەری تەمۆخی ناوک بڕین

ناویان کرمێ دەبوو و دەڕزین.

لە هۆزەبانەی نۆبەرەی سەکۆی سەریان

لەناو لوولەی شەڕفرۆشی و

لە دەلالخانەی دەنگ کڕین،

**لە دۆشاو مژەی تام تەزویر**

**لە نیوە بەنیوەی دڕین**

**بەسەر هەڵمی هەناسەدا**


**لە کێبڕکێدا هەڵفڕین:**

**هەور هات، لە ناویا بارین.**

**ڕۆژ دەرهات، شابسکیان بڕین.**

(٢١)

لە ئاڵۆزیی پیت و پارۆز
برینێک کەوتۆتە جەستەی بارینەوە،
باران سەهۆڵێکی مۆنە و
لە هەیاران و مەیاران
بەلێزمە دەشۆردرێتەوە ..
لەچنگی پڕ شیرینیدا
نوقڵ برینیان لێدەڕوێ و
خوێنی تێدا دەخورێتەوە.


Sarbaz
05

**(٢٢)**

هۆ هۆ هەواری پڕ مێرگ و چۆڕاوگە خوێن،
هۆ هەواری پڕ نشێو و
پڕ هەورازی ئیشقە هەوێن،
خۆت لەشەکر باران پێچاوە و
سەرەتاتکێی
گرمۆڵەبوونی گۆپکەتە و
لەنێو لەپی گەڵاکانتا
سەوز سەوز گەورە دەبی ...
لەخەرمانی بەهارێکدا
لەباڵابوونت دەئاڵێی،
شەماڵ لەباوەشتا دەشنێ و
هەنگەبا دەتدۆزێتەوە و
تامی ماچ و
خۆشاوی ڤینت لێ دەمژێ ...

**بەربەرۆچکەی نیگاکانت**

**پڕن لە پەنجەرەی چاوی ئەو گوڵانەی**

**پرچیان زەردە و**

**لە زەردەی بەرەبەیاندا**

**شانەی ترسی ئاوابوونێک**

**ددان ، ددان**

**لە لەنجەی تیشک وەردەدەن ...**

**خەنە لەبسکی پەلکە زێڕینە دەنێیت.**

**یەک ڕوو ، یەک ڕوو**

**بە بەفرو خوێن خۆیان ئارایشت دەکەن و**

**لەنێو ئاوێنەی هەتاودا**

**ناوی خۆیان لەتۆ دەنێن.**

**(٢٣)**

**گلێنەی زەوییت لە چاوان هەڵگرتووە و**

**لەهەسارەی پڕ ئەستێرەی کاروانکوژە**

**دامێنی خوێنی ڕژاوی ئەستێرەیەکت گرتووە و**

**بەرەواژی و**

**پێگۆڕ پێگۆڕ**

**هەنگاو دەنێیت.**

**مەستی لەکاسەی ون بوون دەچۆڕێتەوە و**

**لەسەر سەکۆی شانۆیەکی پڕ ژاوە ژاو،**

**تراژیدیای شانۆگەرییەکی کۆمێدیی لەدەق دەرچوویت.**

**لەئاسۆیەکی گرێدراو**

**لەپەنجەرەیەکی ڕەشی خۆر لێگراو**

**لەگەڵ سەمای گیانی مۆمە سووتاوەکان**

**لەناو ترسی گوناهی مردنی جووڵەی سێبەرەکان،**

**جەزبەی شێخێک دەتتەزێنێ.**


Sarbar
05

ئەوین نۆشی
دەمی ناو قوتووی هەنگوین و
دەستی پڕ لەنارنجۆک و
باوەشی گەرمێن و
حەزی یاخییت ..
لە ڕق ئەستووریی بۆ جەژن..
لەزەماوەندی ئازادیت
لەتەرازووی سێزدەبەدەر
لە نەو ڕۆژدا
تاوان لەلاشەی ترسدا سەما دەکا و
لەپەنجەرەی بەرزی شکۆ ڕۆح دێتە دەر...

**(٢٤)**

**لەسەرچۆپیی**

**زەماوەندێکی نەورۆزی**

**لاوکێک، کوریک گاگلۆی سپیی دابەشکرد:**

**هەبوو لەبەرۆکی خۆی دا**

**هەبوو کردی بەملوانکە و**

**کردییە کێلی گەردنی یارەکەی**

**هەبوو کردی بەتاجە گوڵینەیەک و**

**کردییە ملی کێلی گۆڕی ئازیزەکەی.**

**(٢٥)**

**هەتا کەنگی سپی و ڕەش بم!؟**

**هەتا کەنگی لەچاواندا کارێزی فرمێسکی خوێن بم؟**

**چ وەرزێکە ئاسەواری ئەم خەزانە،**

**خوێن لەخۆڕا کرمێ دەبێ!.**

**چەند بێزەوەرە غەزەبی ئەو گریانە،**

**وێرانەی ولاٚتی هیوای لێ پڕدەبێ.!**

**سەر لەسەر سەکۆی کەللەسەر**

**زەردەشتێکە،**

**کەوڵی کاویانی دڕیوە.**

**لەپرسی قیژەی کەربەلا و**

**لەبۆنی باغی دادەوە، هاوارێکی هەڵچنیوە.**


Sarbaz
05

**(٢٦)**

**گەر دەنگم بستێک بڕ نەکا،**

**کاسەی سەرم**

**بڵند گۆی هاواری ڕاستی و  دەنگی هەقە.**

**گەر بێتو پێستە سەری کەن،**

**لێناگەڕێم**

**نووزەیەکی راستی مژی تیا گەورەکەن.**

**هاواری من**

**نووکی قەڵەمی مێژووە،**

**ئەو مێژووەی**

**ترس و شەرم دەرگای پێدا نەخستووە.**

**هەرکاتێکیش نەتوانم درشت و وردی تیا گەورەکەم،**

**دڵێکم هەیە هەزار توێ**

**وشە وشەی تۆمار دەکەم.**

**(٢٧)**

**لەتوێی ڕێبازێکەوە دێم،**

**توێشەبەرەم**

**گوڵە گەنمێکی زێڕین و**

**چەپکێ گزنگ و**

**بورکانێکە لە خۆرەتاو،**

**کەوسەرێکە:**

**ڕوباری شیر و هەنگوینی دەڕژێتە ناو.**

**(٢٨)**

دەروێشی تەریقەتێکم

حار بۆ سوتانی خۆم دەگرم،

تەکیەی زیکرم بچووکیش بێ

پەنجەرەیەکی تێدایە،

لەناوییەوە


سەر بەسەر دنیا دا دەگرم.

ئەمڕۆ دنیام بەهارێکە

مێرگێکە سوور،

تاجی بەیانم لەسەرە و

هیوا لەبیری مندا دەبێتە خەرمانی نوور


Sarbaz
05

**(٢٩)**

**شاتانی بەژنی منتان دیوە؟**

**لە نووکی یەکەم هەنگاوم**

**تا دەگاتە لووتکەی بەرزی**

**تاڵێکی سپیی مووی سەرم،**

**کێوێکە لە خۆڕاگری و**

**داستانێکە لە سەروەری..**

**بۆ لەپێکانم دەئاڵێن؟**

**خۆمن شوێن پێی هەنگاوێکم**

**لە گاگۆڵکێی بەرەواژیی کەس ناخوازم،**

**ئەمن بۆخۆم پەیامێکم**

**پێشکەوتنخوازم.**

**ئێستاش تا نویْ دەبمەوە،**

**هەموو ڕۆژیْ لە هەڵچوونی ئاراسێکتان دەپەڕمەوە.**

(٣٠)

بەتۆقەیەک لەکەسم گرێمەدەو

مەمخزێنە بەرسێبەری سەری هەوکردووت،

هێشتا ڕۆژێک نەمتوانیوە

نە دڵم لە ڕووم ، نە ڕووم لە دڵم بشارمەوە،

لە فەرهەنگی سامانمدا، هەنگاوێکم پێ شک نایێ

بەدوای کەسێکدا ڕێ بکەم، چیی لێکەوت

هەڵی گرمەوە..

لەم وەرزەشدا

سۆمای چاوم هەڵدەوەرێ و


پەرەی ئیشقم لێناکەوێ.

ڤایرۆسی نورێکم

سێکوچکەم بۆ گورڕگوڕی ژوانێکی تازە داناوە

لەو جەژنی لێکترازان و ڕەبەنیەدا

چیدی حەزم بەو گەوز گەوزانەی مێژوو داناکەوێ.


Sarbaz
05

تام لەماچی شۆخێکی قردێلە پەڕۆی ڕوو بەزیپکەی

دڵی بەند و قودسی ناو سوخمەی سەوز ناکەم،

باوەشم بەبەرگی بوکێکی بەهاری ڕاخستوە:

بڵند.. بڵند

بەرز.. بەرز

سەربەکوریکە نیسان و

ڕوو سپی ی

چاوڕۆژی

دامەن سەوز .